# پیشوازی گەرمی خەلکی هۆلەنداو جالیەی کورد وعیراقی وعەرەبی لەپیکیت ومیزکتیبی ریکخراوی ئازادی ژن لەئەمستردام–هۆلەندا



بۆ ریزگرتن لە8مارسی ئەمساڵ،رۆژی جیهانی ژنان وبۆ راکیشانی پشتیوانی جالیەی کورد وعیراقی وخەلکی ئازادی خوازی کۆمەلگای هۆلەندی لەریکخراوی ئازادی ژن وکۆنگرەی ئەم ریکخراوە لەشاری بەغدا کەلەپیناوی دەستووریکی عیلمانی وجیاکردنەوەی دین لەدەولەت وبۆ جیّبەجیّکردنی خواستی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان وپیاوان لە9ی ئەم مانگەدا سازدەکریت، نوینەرایەتی ریکخراوی ئازادی ژن لەهۆلەندا بەهاوکاری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق–کۆمیتەی هۆلەندا رۆژی شەممە5–3–2005 بۆ ماوەی (5) کاتژمیر، لە سەعات11.00ی بەیانییەوە هەتا 16.00پاشنیوەرۆ پیکیتی نارەزایەتی ومیزکتیبیان لەشاری ئەمستردام_هۆلەندا بەریخست.

لەم رۆژەدا سەدان بەیاننامە وراگەیاندنی ریکخراوی ئازادی ژن وحیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق وبانگەوازی هاوریّ ریبوار ئەحمەد لیدەری حیزب بە زمانی ئینگلیزی وهۆلەندی و عەرەبی وکوردی بلاۆکرانەوە. میزکتیبی ریکخراوی ئازادی ژن سەرەرای سەرمای زۆر وخراپی کەش وهەوا، ببوە جیگاسەرنجی خەلکی هۆلەندا وجالیەی کورد وعیراقی وعەرەبی وبەشیوەیەکی بەرچاو بەپیری ئەم ئاکسیۆنەوە دەهاتن،وناو وئیمزای پشتیوای خۆیان بۆ ریکخراوی ئازادی ژن وکۆنگرەی 8مارس لەشاری بەغدا ئەدا بەهاوریّیانی پیکیتەکە،وکۆمەکی ماددیان پیّدەکردن.بەشۆروشەوقیکی بیّوینەوە دەربارەی ریکخراوی ئازادی ژن وکۆنگرەی بەغدا پرسیاریان لەهاوریّیان دەکرد وبەنیشانەی خۆشحالییان لەوجودی ئالاّ وریکخراویکی

رادیكالی لەم چەشنە لەعیراق كەپەیامی ئینسانی ورزگاری عیراقیان بەرزكردۆتەوە لەناو ئەم سیناریۆ رەشەی كەجەنگ وداگیركاری ئەمریكا پیشی هیناوە،دەستی هاوپشتی وسەركەوتنیان بۆ بەرزدەكردنەوە.جیگای باسە كەژمارەیەكی بەرچاو لەژنانی وولاتانی عەرەبی وعیراقی كەحجاب بەسەربوون، بەنیشانەی نارەزایەتی بەرامبەر بەكۆنەپەرستی ئیسلامی وهاودلی لەگەڵ قسەوباس وراگەیاندنەكانی ریكخراو وحیزبدا،بەشیوەیەكی گەرم وگور وەرەقەتەبلیغییەكانی حیزبیان وەردەگرت وبەووردی سەرنج وپرسیارەكانیان ئەخستەروو،هەم ئیمزای پشتیوانییان بۆ كۆنگرەی بەغدا ئەدا وهەم كۆمەكی ماددییان پیٚدەكردن.

ئەم هەنگاوەی هاوریٚیانی نوینەرایەتی ریكخراوی ئازادی ژن و كۆمیتەی هۆلەندا وكردنەوەی باوەشی گەرمی خەلكی ئازادیخوازی هۆلەندا وجالیەی عیراقی وعەرەبی وكوردی بۆ دەنگ وسەدای رادیكاڵ وكۆمۆنیستی و وەستانەوەی ئەم جەبهە عەزیمە بەدژی داگیركاری ئەمریكا وتیرۆریزمی ئیسلامی،كەلەم میزكتیب وپیكیتەی هاوریٚیانەوە درا بەگویٚی كۆمەلگای هۆلەندادا، ئەوە نیشاندەدات كەجیهانی شارستانی چاوی بریوەتە دەرگای ئومیدیك، ئالاٌیەك بۆ دەربازبوونی كۆمەلگای عیراق لەژیر چەپۆكی رەشی جەنگی كۆنەپەرستانەی دووبەرەی تیرۆریستی ئەمریكاو ئیسلامی سیاسی وگیرانەوەی مەدەنییەت بۆ ئەم كۆمەلگایە،تا بەئەوپەری تواناییانەوە پشتگیری وهاوكارییان بكەن بۆ سەرخستنیان.
ئیمە بەم بۆنەیەوە بانگەوازی سەرجەم ژنان وئازادیخوازان لەناو جالیەی عەرەبی وعیراقی وكوردی هۆلەندا وجیهان دەكەین لەپیناوی دەستووریكی عیلمانی ودەولەتیكی سكۆلاردا،وە بۆ جیاكردنەوەی دین لەدەولەت ولەپەروەردە وفیركردن،كەحورمەت ومافی ئینسانی ژنان مسۆگەر بكات،وبەربگریت بەكۆیلەكردنی ژنان ورەشەكوژییان كۆتایی پیٚبهینیٚ بەبەهانەی نامووس وشەرەفەوە،بەهەر شیوازیك كەخۆیان بەگونجاوی دەزانن پشتگیری خۆیان لەكۆنگرەی ریكخراوی ئازادی ژن لەعیراق رابگەیەنن، وبەهەموو تواناییانەوە ئەم ریكخراوە بەهیزبكەن. جیهانی شارستانی بەپانتایی گۆی زەوی پشتیوانی هاتنەسەركاری حكومەتیكی مەدەنی وسكۆلار دەكات لەعیراقدا.ریكخراوی ئازادی ژن پەرچەمی دیفاعی دلیرانەی ئازادیخوازانە لەیەكسانی هەمەلایەنەی ژنان وپیاوان.ئەم ریكخراوە بكەنە سەنگەری ئەم خواستە جیهانییە.

ریكخراوی ئازادی ژن– نوینەرایەتی هۆلەندا

**حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق–کۆمیتەی هۆلەندا**

5مارس2005







